
# کوردیش میدیا، تەنیا میدیا نیە فەلسەفەیەکی نوێیە لە بیرکردنەوە و کارکردن

## وتوێژی تایبەتی «رۆژهەلات» لەگەڵ دکتۆر رێبوار فەتاح؛ سەرکاری کوردیش میدیا



کوردیش میدیا ناوێکی ناسراوە. ئەو هۆکارانەی هانیدان بۆ دامەزراندنی وەها ماڵپەرێک چی بوون؟

هەڵبەت زۆر دەمێکە باوەڕم بەوە هێناوە کە نەتەوەی کورد پێویستی بە دامەزراندنی کێشەکەیی و کۆمەڵگاکەیەتی بە فەلسەفەیەکی نوێ، کە لێرەدا بۆم ناکرێ بە تەسەلی باسی لێوە بکەم. پیادەکردنی ئەم فەلسەفە نوێیە لە کارەکانی بەر لە «کوردیش میدیا»شمدا بەرجەستە بوون. بۆ نموونە، بڵاوکراوەی هاوکار، بە زمانی ئینگلیزی، مانگەنامەی ژینی نوێ، بە زمانی کوردی، کە لە لەندەن دەردەچوون و ئەز سەرنووسەریان بووم، هەمان فەلسەفەی کوردیش میدیایان تیادا بەرجەستە بوو.

باوەڕیشم بەوەیە کە کێشەی کورد و کوردستان چەند چارەسەرکردنی لە کوردستان وخۆرهەڵاتی نێوەندایە، هێندەش چارەسەری لە سەر سەکۆی جیهانە. پێویستە بە زمانێکی شارستانی کورد و کوردستان بە جیهان بناسێنین، بەو زمانەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەی تێی دەگا. ئەو زمانەش لە کوردیش میدیادا بەرجەستەیە. هەڵبەت مەبەستم تەنیا لە زمانی ئینگلیزی نیە، بەڵکو زمانی خستنەرووی کێشەکانە، نەک زمانی چەک کە تەنیا کوشتار و کاولی بۆ کورد هێناوە.

تەنیا ناساندنی کورد و کوردستان بە جیهان کێشەکە چارەسەر ناکا، بەڵکو دەبێ کورد و کوردستان بە کورد خۆشی بناسێنین. بۆ نموونە رەوایی کێشەی کورد تەنیا باسی لێوە کراوە، نەکراوە بە سیاسەتێک و بکرێ بە قورکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیەتیدا تا لە خەوی چەند ساڵەیان بەئاگابێنەوە.

کورد وەک نەتەوەیەکی کێوی خوێنتینوو بە کۆمەڵگای نێونەتەوەی ناسێنراوە. پێکهاتەی سیستمی نێونەتەوەیی ئەمرۆ هیچ رەوایەکی تێدانیە. دەنا حکومەتی بەعسی عێراق لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی باشووری نەدەکرد. خۆ کە باڵوێزی سەدام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ناوی کوردەوە دەدوێ، ناڵێ حکومەتی عێراق کوردی جەنەساید کردووە. ئەمەیە گورگ کردنە شوانی مەڕ.

خەباتی سەخت پێویستە تا کورد و کلتوور و زمانەکەی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بناسێنرێن؛ تا ئەمانیش بزانن کە کورد گەلێکی دۆستخوازە؛ زمان شیرین و کلتوور جوانە؛ کوردستانیش گەلەک قەشەنگە و دەکرێ ببێ بە دوورگەی دیموکراسی و شارستانی لە ناوچەکەدا.

بەر لە گەیشتنی کوردیش میدیا، میدیای کوردستان و کورد زۆرتر لە بازنەی حزبایەتیدا چەقیبوون. زۆر جار شەرمەزاری دەیگرتم کە میدیایەکی حزبیم دەدی، دەبیست یان دەخوێندەوە. هەڵبەت زۆر جاریش زمانێکی زبریان بەکاردەبرد کە رەنگدانەوەی شەڕی خۆیان بوو. زمان و کلتووری شیرینی کوردیش بووبووە قوربانی شەڕی حزبەکان.

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر هانی دام کە بە خەباتێکی سەخت لەگەڵ هاوکارەکانمدا، دەستگای کوردیش میدیا دابمەزرێنین. هەڵبەت شۆڕشی تەکنەلۆژی ساڵانی نەوەدەکانیش یارمەتیدەر بوو.

بە پیادەکردنی میدیای تەقلیدی، بەرهەمهێنانی میدیایەکی جیهانی دەرامەتێکی بێهاوتای دەویست، کە لە وزەی مندا نەبوو. بۆ نموونە، وەشانی رۆژنامەیەکی جیهانی یان



**هاوتای کوردیش‌میدیا لە لای گەلەکانی دراوسێی کوردیش دانەمەزراوە**

دامەزراندنی سەتەلایتێک، هێجگار گران دەکەوتن.

تەکنەلۆژی ئینتەرنێت ئاسۆیەکی نوێی بۆ گەلی کورد ئاوەڵا کرد، کە بتوانێ دەنگی خۆی بە جیهان، دەنگی جیهان بە خۆی و دەنگی خۆی بە خۆی بگەیەنێ. ئەم ئاسۆیە کارامانە لەسەر کوردیش میدیادا بەرجەستەیە.

کوردیش میدیا لە ١٩٩٨دا دامەزراوە. لەو دەمەدا، ماڵپەرێکی سەربەخۆ نەبوو کە بتوانێ دەنگی کوردی سەرتاسەری کوردستان بە جیهان بگەیەنێ. کوردیش میدیا ئەو بۆشایەی پڕکردەوە. تا ئەمڕۆش، تەنانەت بە کوردیش، نەک بە ئینگلیزی، ماڵپەرێک نیە بە فەلسەفەی کوردیش میدیا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بئاخفێنێ. چەندین رۆشنبیری کورد لە تاراوگەدا ونبوون. تەنیا هیوایان رۆژنامە ئەوروپیەکان بوو؛ ئەمانیش بە هەلومەرجی خۆیان بابەتیان بڵاودەکردەوە، کە کورد و کوردستان لە قڕە بوون. رۆشنبیرانێکی کورد هەن، دەیان بگرە سەدان نامەیان بۆ "سەرنووسەر" نووسیووە، کە رەنگە تاکە دانەیەکیان بۆ بڵاو نەکرابێتەوە. کوردیش میدیا ئەم زەمینەیەی گۆڕی.

هەڵبەت بیرۆکەی کوردیش میدیا بەبێ کارامەیی هاوڕێی خەباتم کاک پێشرەو نامۆ هەرگیزای هەرگیز لە دایک نەدەبوو. کارامانە تا ئێستا کوردیش میدیای لە ئاکاری ماڵپەرە جیهانێکاندا هێشتووەتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی چەندین پرۆژەی لە پشتی کوردیش میدیاوەیەوە، کە گەرۆک نایانبینن، لە کوردیش میدیادا پیادە کردوون بۆ هاسانکردنی کاری کارمەندەکان، کە لە سەرتاسەری جیەاندا پەرتن.

سەبارەت بە کات و چۆنێتی دامەزراندنی و شێوەی ئیش‌کردن بەشەکان و زمان و ...هتد هەروەها ئاراستەی کارکردن و سیاسەتەکانی بە وردی ئاگادارمان بکەنەوە.

کوردیش میدیا بە هەرەوەزی بەرێوە دەچێ. کارمەندەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا پەرتن، کە رەنگدانەوەی پەتیی کۆمەڵگای کوردە لە جیهاندا. کە لایەکی جیهان نووستوون لایەکەی تری کوردیش میدیا کاتگیر دەکاتەوە. ئەم جۆرە لە رێکخستن هەم لەگەڵ پەرتی کۆمەڵگای کورددا دەگونجێ، هەم لەگەڵ تەکنەلۆژی ئینتەرنێتدا.

چەندین بەڵگەنامەمان هەن کە کاری پێدەکەین، وەک کۆدی بەرێوەچوون -کە سیاسەتی وەشانی بابەتەکان دیاری دەکات؛ پێرەوی نووسینی هەواڵ - کە دیاریکردووە هەواڵەکان چۆن دادەرێژرێن. دەستووری کوردیش میدیا -کە پرۆگرامی ناوخۆی رێکخراوەکەیە.

راپۆرتنووسەکان، سەرنووسەرەکان، ماڵپەڕسازەکە و دایرێکتەرەکە هەموو کاری خۆیان دەزانن و هەمووش کاریان زۆر سەختە. کەسێک نیە کاری هاسان بێ.

کوردیش میدیا کۆمپانیایەکی ئەوروپیە، دەبێ سیاسەت و قانوونی ئەوروپی پیادەبکات. زۆر جار ئەمە گیروگرفتمان لەگەڵ نووسەر و خوێنەری کورددا بۆ دەخولقێنێ. نەریتێکی سەیر لە رۆژنامەگەریی لە کوردەواریدا باوە. نووسەر دەڵێ، من خۆم بەرپرسم. هەڵبەت ئەم رێسایە لە ئەوروپادا نەزۆکە. هەرچیەک کە کوردیش میدیا بڵاوی دەکاتەوە، خۆی بەرپرسیارە. هەڵبەت زۆرینەی کورد لەمە ناگەن.

میدیای خۆرهەڵاتی ناوەند کە گشتیان پێوەستی دەوڵەت و حزبن کاری کوردیش میدیایان گەلەک سەخت کردووە. بۆ نموونە زەحمەتە لە کوردێکی بگەیەنیت کە کوردیش میدیا سەر بە هیچ لایەنێک نیە. نەوەکانی خۆرهەڵات تەنیا لەگەڵ میدیای پەیوەستدا ژیاون.

کوردیش میدیا چەندە توانیویەتی لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لەسەر دۆخی سیاسی و فەرهەنگیی ئێستای کورد کاریگەری هەبێت؟

سەرکەوتوویی کوردیش میدیا تەنیا لەوەدا نیە کە تاقە میدیایەکی کوردئامێزی زمان-ئینگلیزیە کە ئاکارێکی جیهانی هەبێ و لەسەرتاسەری جیهاندا باڵای پێوانە بکرێ، نەخێر. چەند خاڵێک دەربارەی سەرکەوتنی کوردیش میدیا دەنووسم.

● هیچ نامەخانەیەک ئەمڕۆ لە جیهاندا نیە، کە هێندەی کوردیش میدیا بابەتی دەربارەی کورد و کوردستان تایبەت بە خۆی تێدا بێ، ئەو بابەتانە لە هیچ لایەکی تر بەدەست نەیەن؛

● کوردیش میدیا لە گشت نامەخانەیەکی تری کوردئامێز زۆرتر سەردانی بۆ دەکرێ - رۆژی نزیکەی ٢٥٠ هەزار سەردان؛

● کوردیش میدیا لە گشت نامەخانەیەکی تری کوردئامێز زۆرتر بێگانە سەردانی دەکا؛

● هیچ ماڵپەرێکی تر نیە، هێندەی کوردیش میدیا، بەبێ هیچ سوودێک، پشتگیری لە دامەزراندنی ماڵپەڕی رێکخراوەکانی تر کردبێ؛

● رەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هێندە بابەت، کە لە کوردیش میدیادا هەیە، لەسەر کورد و کوردستان بەزمانی ئینگلیزی نەنووسرابێ.

● کوردیش میدیا بەشداریکردووە لە ناساندنی کلتوور و زمانی کوردی بە کورد خۆیی و بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. بەشە کوردیەکەی کوردیش میدیا رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پەرەپێدانی نووسین و زیندووکردنەوەی دایەلێکتی کرمانجی.

● کوردیش میدیا رچەشکێنە، توانیویەتی نەخشەی میدیاپەکی نوێ، بە فەلسەفەیەکی نوێ، بۆ کورد و رەچەڵەکەکانی خۆرهەڵاتی نێوەند بکێشێ. با لە یادی نەکەین؛ هاوتای کوردیش میدیا لەلای گەلەکانی دراوسێی کوردیش هێشتا دانەمەزراوە. کوردیش میدیا ئەو ئاوەی رشتووە. جا هیوادارم ئەوانیش لێوەی فێر بن.

● سەرباری ئەوەی کە حزبە کوردستانیەکان کەڵکێکی زۆر لە کوردیش میدیا وەردەگرن، کەچی هێشتا دەیانەوێ لە تاریکیدا لای خەڵکی بیهێڵنەوە. رۆژانە میدیای حزبەکان لە سەرچاوەی زۆر سەیرەوە هەواڵ وەردەگرن، بەڵام هێندە رانابینن کە کوردیش میدیا ناو بهێنن.

● کوردیش میدیا تاکە میدیایەکی کوردیە کە دەرامەت و توانای حزب و دەوڵەتی کوردی پاڵپشت نیە. ئەمە تەحەدایەکە کەم کەس دەوێرێ خۆی لە قەرەی بدات.

کوردیش‌میدیا چەندە توانیویەتی وەک سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو لە دنیادا خۆی بناسێنێ؟

حکومدان بەسەر سەرکەوتنی کوردیش میدیا بۆ خوێنەران جێدەهێڵم. لێرەدا چەند سەرنجێک دەبێژم. کوردیش میدیا رۆژانە نزیکەی ٢٥٠ هەزار سەردان دەکرێ. بۆ نموونە بە هەفتە هەیە کە میدیای سەرانسەری تورکیا بابەتێکی کوردیش میدیا دەبێ بە سەرچاوەی گفتووگۆی.

بی بی سی، کەناڵ ٤ی بەریتانی، سەحەری ئێرانی، حوریەتی تورکی، میللیەتی تورکی، ئۆزگاڵ پۆلیتیکا، نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی، زگاردیەنی بەریتانی، دەیلی ستاری لوبنانی، ئەلحەیاتی لەندەنی، رۆژنامە کوردیەکانی کوردستان و چەندین میدیای تر کوردیش میدیا وەک سەرچاوە بەکار دەهێنن. زۆر لایەنیش بێ رەوا بابەت و هەواڵی کوردیش میدیا دەدزن، بێ رێزلێگرتن.

گەر دەخوازی بزانیت کوردیش میدیا چەند جێی باوەڕە، لە گووگڵەوە بۆ کوردیش میدیا بگەڕێ تا سەرت بسوورمێ!

سەرکەوتنی کوردیش میدیا هەر لە رووی بابەتەوە نیە! بەبێ کوردیش میدیا، ئەو هەزاران کەسەی کە سەردانی کوردیش میدیا دەکەن رەنگە تاقەتی کێشەی کوردیان هەر نەبووایە. چونکە بەر لە کوردیش میدیا، میدیای کورد لە حزبدا چەقیبوو. کوردیش میدیا خواستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ کێشەی کورد گەرم کردووە.

کوردیش میدیا فەلسەفەیەکی نوێی لەناو گەلی کورددا چەسپاند؛ فەلسەفەی رێزگرتن لە بیر و بۆچوونی یەکتر و رێزگرتن لە کەسایەتی، کۆمەڵە و گرووپی کورد. زۆر لایەنی کێشەی کورد بەبێ کوردیش میدیا رووناکی نەدەدی. کوردیش میدیا کەسایەتیەیکی کوردی باوەڕبەخۆی دامەزراندن. میدیای کوردی لە "زمانی نەشیاو" پاککردنەوە. دەتوانم بڵێم کە کوردیش میدیا ناوەرۆکی سیاسی، قانوونی و فەلسەفی بە کێشەی کورد دا.

کوردیش میدیا، تەنیا میدیا نیە، فەلسەفەیەکی نوێیە لە بیرکردنەوە و کارکردن، کە دەکرێ لە گشت لایەنێکی تری ژیاندا پیادەبکرێ. رەنگە گەلەکانی دراوسێی کوردیش هێشتا هاوتای ئەو فەلسەفەیان نەبێ.

چ رایەکتان سەبارەت بەو ماڵپەڕ و وێبلاگە کوردییانە هەیە کە ئێستە چالاکن؟ ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە بۆشاییەکانی ئەم جۆرە ئیشانە باس بکەن؟

ماڵپەرەکان کارێکی زۆر چاک بە ئاکام دەگەیەنن. هەڵبەت نابێ لە یادی بکەین کە ئەمانە زۆربەیان کاری تاکە کەسین. زۆر جێی رێز و پێزانینە کە کەسانێکی وا دڵسۆز هەن، لە کاتی خۆیان و خێزانیان دەگێرنەوە بۆ خزمەتی کێشەی کورد. بەڵام میدیای کورد، لە گەلێک رووەوە، هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی میدیای جیهانی. ئەمەش هۆکاری مێژووی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هەن، کە لێرەدا دەرفەت نابێ باسیان لێوە بکەم.

پێتان وایە زۆرێک لە کەسەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەگەرەکانی کەڵک وەرگرتن لە ماڵپەرەکانی ئینتێرنێتیان نیە. ئایا ئاراستەی ئیش کردنی ئێوە زیاتر بەرەو دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی ناروات؟

کوردیش میدیا زۆرتر رووی لە رەچەڵەکە ئینگلیزی-زانەکانە. ئەوانەی کرمانجیش دەزانن دەتوانن کەڵک لە بەشی کوردیی کوردیش میدیا وەربگرن. هەڵبەت سوپاس لێرەدا بۆ هاوکارم کاکە شاهێن سوورەکەلییە کە لایەنی زۆری بەشە کرمانجیەکەی لە ئەستۆیە.

کوردیش میدیا وەک هەموو میدیایەکی تر دوو جۆر کاریگەری هەیە، راستەوخۆ و ناراستەوخۆ. ئەوانەی راستەوخۆ ماڵپەڕی کوردیش میدیا سەردەدەن، بابەتەکانی کوردیش میدیا بۆیان دەبێتە بابەتی رۆژانەیان و کاریگەر دەبێ لەسەریان.

کوردیش میدیا بە رێی تریش خۆی لە گفتوگۆ و بیرکردنەوەی خەڵکیدا دەدۆزێتەوە. بابەتەکان لە میدیاکانی تردا بە زمانەکانی تر، وەک عەرەبی، فارسی و تورکی، وەردەگێڕێن و رەنگدەدەنەوە. کوردیش میدیا کاریگەریەکی تایبەتیشی لەسەر حزبە کوردستانیەکان هەیە. خۆ رەنگە ناوی کوردیش میدیاش نەهێنن، بەڵام زۆر جار گوشاریان بۆ دێ و دێنە قسە. زۆر گووتار دەبینم



**کوردیش میدیا بەشداری کردووە لە ناساندنی کلتوور و زمانی کوردی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی**

لە میدیای حزبەکانەوە کە بە ئاشکراوەڵامە بۆ ئەو گوشارەی کە کوردیش میدیا خولقاندوویەتی، بەڵام بە خۆگێلکردن لە سەرچاوەکەی. ئەمەش لاوازیەکی کوردە. حزبەکان بە ئاشکرا رێز لە میدیای دوژمنان دەگرن، بەڵام بە رەوای نابینن رێز لە هاوزمانی خۆیان بگرن.

بەکورتی کوردیش میدیا کاریگەری خۆی لە کۆمەڵگادا بە هەرشیوازێک بووە دەدۆزێتەوە.

بە پێی ئەو پرسیارەی سەرەوە لەم بوارەدا کوردیش میدیا چەندە توانیویەتی لەسەر روانین و بیرکردنەوەی لایەن و کەسە بیبانیەکان، سەبارەت بە کورد و کێشەکانی کاریگەری هەبێت؟

زۆر بیرکردنەوە لە کۆمەڵگای کورد و جیهاندا هەن کە سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ کوردیش میدیا. بەبێ کوردیش میدیا، ئەو تێگەیشتن و تێڕوانیەی کە دەربارەی کێشەی کورد، نەتەوەی کورد و کوردستان هەن، نەدەبوون. کوردیش میدیا چەسپێنەری بیرکردنەوە و کۆنسێپتی کوردستانیە.